# هەواڵێکی دڵخۆشکەر

## 1400 کوردی کوردستانی باشوور، دانیشتووی نەرویج بەیەکەوە وەلامی پۆزەتیفی ئیقامە وەردەگرن.

دوێنێ 26.01.2005 وەزیرەی شارەوانییەکانی نەرویج (ئارنا سولبێرگ) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بڕیاری حکومەتی نەرویجی بە ئیقامە پێدانی 1400 کوردی کوردستانی عێراقی دانیشتووی نەرویجی ڕاگەیاند. ئەم 1400 کەسە، کە خۆی پێشتر ژمارەیان زۆر لەوە زیاتر بوو بەڵام لەبەر وەلامی ڕفز و لەبەر بێزاربوون لە بێ وەلامیی زۆریان لە چەند ساڵ ڕابردوودا نەرویجیان بەجێ هێشت و بەشێکیشیان گەڕانەوە کوردستان، ئەو کوردانەن کە لە نێوان ساڵەکانی 1998 تا 2000 بە قاچاخ چووبون بۆ نەرویج و لەوێ داوایان مافی پەنابەرییان کردبوو.

حکومەتی نەرویجیی هەر ئەو کاتە بە بیانووی ئەوەی کە ئەمن و ئاساییش لە کوردستان هەیە و، وە لە ئاکامی هەندێ هەوڵی دیبلۆماسییانەی ئاشکرا و ژێربەژێری هەردوو حیزبە کوردییە گەورەکەی کوردستانی عێراق بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئازادیی و ئاسایش لە کوردستاندا بەرقەرارە، بە دەستەجەمعیی و بە یەک بڕیاری هاوبەش هەر پەنابەرێکی کوردی کوردستانی عێراق لەو ماوەیەدا داوای پەنابەریی کرد داواکەیانی ڕەت کردەوە. لە ساڵی 2000 دا حکومەتی نەرویجیی بڕیاری دا بۆ هەر یەک لەو کوردانە مافی نیشتەجێبوون و کارکردنی کاتی و تەنها بۆ یەک ساڵ بدات، ئەمە بێ ئەوەی مافی کۆکردنەوە و ڕاکێشانی ئەندامانی خێزانی خۆیان هەبێ. پاش ئەو ساڵە هیچ یەک لەو کوردانە ئیتر ئیقامەکەیان بۆ تازە نەکرایەوە و تا دەرچوونی ئەم بڕیارە تازەیە کێشەکەیان هەروا بە هەڵواسراویی مابووەوە.

شایانی باسە کە ئەم بڕیارە تازەیە مافی کۆکردنەوە و هێنانی ئەندامانی خێزانیش ئەداتە ئەو پەنابەرە کوردانە. لە مەرجەکانیش بۆ وەرگرتنی ئەو ئیقامەیە بڕیارەکە ئەوەی کردۆتە مەرج کە کەسەکە ئەبێ کاری سپی و جێگیری هەبێ و ئەبێ خۆی بتوانێت نەفەقەی ژیانی خۆی بدات و حکومەت لەم ڕووەوە هیچ ئیلتیزاماتێک ناخاتە ئەستۆی خۆی. هەروەها کەسەکە ئەبێت لە ماوەی مانەوەی ڕابوردویدا لە نەرویج هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدابێت.

هەر سەبارەت بەم بڕیارە تازەیە لە کۆنفرانسە ڕۆنامەوانییەکەدا ڕاگەیەنرا کە بڕیارەکە ڕەنگە لە مانگی ئایاری داهاتوودا بکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە.

شایان بە باسە هەواڵی ئەم بڕیارە دڵخۆشییەکی گەورەی خستە ناو ئەو پەناهەندە کوردانەی دانیشتووی نەرویج و کەسوکاریانەوە لە کوردستان، چونکە هەریەک لەوان لە 4 تا 6 ساڵە چاوەاوانی وەلامن و زۆریشیان هاوسەر و منداڵیان لە کوردستان بە جێهێشتووە و لەبەر نەبوونی وەلام ئەم ماوە درێژە نەیانتوانیوە سەردانی خێزانەکانیان بکەنەوە لە کوردستان.